
SORANI

# سەبارەت بە خوێندنی زیاتر بابەتی زیاتر بزانە

خوێندنی زۆرەملێ لە و دوای خوێندنی بنەڕەتی



ESPOO
ESBO






## خوێندنی زۆرەملێ واتای چیە؟

کاتێک منداڵێک یان هەرزەکارێک لە تەمەنی خوێندنی زۆرەملێ دایە، پێویستە بچێتە خوێندنی بنەڕەتی. خوێندنی بنەڕەتی ئاماژەیە بۆ پۆلەکانی 1 بۆ 9 لە قوتابخانەی گشتگیر. هەروەها، پێویستە دوای خوێندنی بنەڕەتی لە خوێندنی زیاتردا بەشداری بکەن.

خوێندنی زۆرەملێ بە شێوەیەکی گشتی لەو ساڵەوە دەستپێدەکات کەوا منداڵەکە تەمەنی دەبێتە حەوت ساڵ. ئەمە ئەو کاتەیە کەوا منداڵەکە قوتابخانەی گشتگیردەست پێدەکات. خوێندنی زۆرەملێ ئەو کاتەی کۆتایی دێت کەوا گەنجەکە تەمەنی دەبێتە 18 ساڵ. بەڵام، ئەگەر کەسەکە خوێندنی ئامادەیی باڵا تەواو بکات پێش ئەوەی ببێتە 18 ساڵ، خوێندنی زۆرەملێ بۆ ئەوان لەو کاتەدا کۆتایی دێت.

بڕوانامەی قوتابخانەی ئامادەیی باڵا ئاماژەیە بۆ بڕوانامەیەک کەوا قوتابیەک قوتابخانەی ئامادەیی باڵا (lukio) یان پەیمانگای پیشەیی (ammatillinen oppilaitos) تەواو دەکات.

کاتێک منداڵێک یان هەرزەکارێک لە تەمەنی خوێندنی زۆرەملێ دایە، خوێندن بەخۆڕایی بۆ دابین دەکرێت. ئەمە بەو واتای ئەمەیە کە دامەزراوەی پەروەردیی کتێبی فێرکاری و قوتابخانە بە پێشکەش دەکات. دامەزراوەپەروەردەیی هەروەها کەرستەی دیکەی پێویست بۆ خوێندن بەخۆڕایی پێشکەش دەکات.

خوێندن بۆ ئەو منداڵان و گەنجانەی کە بۆ بە هەمیشە نیشتەجێی فینلاندن زۆرەملێیە. خوێندنی زۆرەملێ لە سەر بنەمای یاسای فینلاندییە. لە هەندێک حاڵەتدا، منداڵ یان گەنجێک ڕەنگە لە خوێندنی بنەڕەتی بەدەربکرێت. بەڵام، ئەم لێخۆشبوونە تەنها بە شێوەی کاتیی و تەنها بە هۆکارێکی دیاریکراو دەدرێت.

### خوێندنی دوای خوێندنی بنەڕەتی

گشت قوتابیان لە خوێندنی بنەڕەتی پێویستە پێش کۆتای خوێندنی بنەڕەتیان بۆ شوێنی خوێندنیان داواکاری پێشکەش بکەن. ئەم بەشە لاوەکیە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم شوێنە جیاوازانە بۆ خوێندن چین. دوای ئەوەی کەسێکی گەنج خوێندنی بنەڕەتی تەواو دەکات، دەتوانێ لە ئاستی ئامادەیی باڵا دەست بە خوێندن بکەن. ئەمە واتە کەوا کەسە گەنجەکە دەتوانێت بچێتە قوتابخانەی ئامادەیی باڵا یان دامەزراوەی پیشەیی.

هەروەها، خوێندن هەیە کە دوای خوێندنی بنەڕەتی پێشکەش دەکرێت کە بڕوانامە یان لێهاتووییەکی ناکەوێتەوە. ئەم جۆرە ڕاهێنانە، بۆ نموونە، ڕاهێنانی TUVA یە، واتە ڕاهێنانی ئامادەیی بۆ ڕاهێنان. ئامانجەکە



ئەوەیە دوای چوونە ڕاهێنانی TUVA قوتابیەکە داواکاری پێشکەش دەکات بۆ ڕاهێنان یان خوێندن کەوا بە بڕوانامە یان لێهاتووییەک کۆتایی دێت.

ئەگەر کەسە گەنجەکە پێویستی بە پشتیوانی تایبەتە، دەتوانێ داواکاری بۆ ڕاهێنانی TELMA پێشکەش بکەن. ڕاهێنانی TELMA کەسانی گەنج بۆ کارکردن و ژیان بەسەربردنی سەربەخۆ ئامادە دەکات. ئامانجی دوای ڕاهێنانی TELMA بۆ گواستنەوە نیە بۆ ڕاهێنان یان خوێندنێک کەوا بە بڕوانامە یان لێهاتوویی کۆتایی بێت.

هەروەها کەسانی گەنج دەتوانن لە قوتابخانەی ئامادەیی میللی(folk) بخوێنن. دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ پرۆگرامی خوێندن بۆ ئەو کەسانەی لە تەمەنی خوێندنی زۆرەملێدان.

ئەم ڕێنماییە وەسفی گشت بژاردەکانی ڕاهێنان دەکات. هەروەها ئەوە ڕوون دەکاتەوە چۆن داواکاری بۆ خوێندنی بنەڕەتی بۆ کەسانی گەورە پێشکەش بکەیت. کورتکراوەی خوێندنی بنەڕەتی بۆ کەسانی گەورە بریتیە لە AIPE.

# سیستەمی داواکاری هاوبەشی دوای خوێندنی بنەڕەتی

**پێش ماوەی داواکاری**

**1 بیرکردنەوە، گەڕان و**

پلاندانن، ئایندەی خۆت چی دەبینیت؟

گەڕان بۆ دەرفەتە جۆراوۆرەکان بۆ خوێندنی

**سیستەمی داواکاری هاوبەش**

**2 پێشکەشکردنی‌داواکاری لە ڕێگەی سیستەمی داواکاری هاوبەش**

سیستەمی داواکاری هاوبەش لە مانگی شوبات/فێبریوەر بۆ ئادارمارس ئەنجام دەدرێت. opintopolku.fi

پاشکۆکانت لەبیرت بێت، ئەگەر داواکرا

بۆ بەشداری لە هەر تاقیکردنەوەیەکی وەرگرتن/تاقیکردنەوەی لێهاتویی، چاوپێکەوتن و هەڵسەنگاندنی کارامەییەکانی زمان ناوت تۆمار بکە . بەختارجەمی پاشکۆی پێویست پێشکەش بکە.

**دوای ماوەی داواکاری**

**3 سەیری ئەنجامەکان بکە**

ئەنجامەکان لە ناوەراستی حوزەیران/ژون ڕادەگەیەنرێن و بۆ ئیمەیلەکەت دەنێردرێت.

**4 کورسیی خوێندنت وەرگرتووە،**

کورسیی خوێندنت پەسەند بکە، بە زووترین کاتی گونجاو لە مانگی حوزەیران/ژون پەسەندی کورسی خوێندنت بکە

**4 کورسیەکی خوێندنت وەرنەگرت**

ئەگەر کورسی خوێندنت وەرنەگرت، دەستبەجێ پەیوەندی بە ڕاوێژکاری ڕێنمایی خۆتەوە بکە! داواکاری بۆ کورسی خوێندن پێشکەش بکە.

دەکرێت کورسیەکی خوێندن ڕێک بخرێت. لیستی چاوەڕوانکردن تا سەری ساڵی خوێندن بە کارایی دەمێنێتەوە.

**5 دەست بە خوێندنەکانت بکە**

ساڵی خوێندن لە مانگی ئابەوە (هەشت) دەست پێدەکات.

## سیستەمی داواکاری هاوبەش چیە؟

سیستەمی داواکاری هاوبەش بۆ ئەو قوتابیانەیە کەوا خوێندنی بنەڕەتیان خەریکە کۆتایی پێدێت. هەروەها، سیستەمی داواکاری هاوبەش بۆ ئەو قوتابیانەیە کەوا لە کاتی ئێستادا دەچنە ڕاهێنانی TUVA یان TELMA. سیستەمی داواکاری هاوبەش هەروەها بۆ قوتابیانەیە کەوا لە قوتابخانەی ئامادەیی میللی(folk) لە پرۆگرامێکی خوێندن بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی خوێندنی زۆرەملێدان دەخوێنن.

لە سیستەمی داواکاری هاوبەش، داواکارەکان داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ خوێندنی ئامادەیی باڵا یان ڕاهێنان لە قوتابخانەی ئامادەیی.

سیستەمی داواکاری هاوبەش ساڵانە یەکجار ڕێک دەخرێت، لە ماوەی مانگی شوبات/فێبریوەر و ئادار/مارسدا. لە کاتەکانی دیکەدا، وەرگرتنی خولاو و بەردەوام هەیە، کەوا دواتر باسی دەکەین.

### وەرگرتنی خولاو و بەردەوام چیە؟

دامەزراوەی پەروەردەیی هەن کەوا خەڵك دەتوانن لە ڕێگەی وەرگرتنی خولاو و بەردەوام داواکاری پێشکەشی ئەم دامەزراوانە بکەن. وەرگرتنی خولاو و بەردەوام لە هەموو کاتێکی ساڵدا کراوەیە.کەسانی گەنج ئەگەر لەڕێگەی سیستەمی داواکاری هاوبەش کورسێکی خوێندنیان بۆ تەرخان نەکرابێت دەتوانن بەشداری لە وەرگرتنی خولاو و بەردەوامدا بکەن..

داواکارەکان هەروەها دەتوانن بەشداری لە وەرگرتنی خولاو و بەردەوامدا بکەن کاتێک، بەهۆی چەند هۆکارێکی دیکە، بیانەوێت داواکاری بۆ کورسیەکی خوێندن پێشکەش بکەن لە کاتێکدا سیستەمی داواکاری هاوبەش بەردەست نیە.



## خوێندنی ئامادەیی باڵا

خوێندن لە قۆناغێکی ئامادەیی باڵا یان پەیمانگای پیشەیی بە واتای چوونە بۆ خوێندنی ئامادەیی باڵا. ئەم خوێندنانە لە کۆتاییەکەیدا بڕوانامەی لێهاتوویان پێدەدرێت.

دواتر، ئەم ڕێنوێنیە سەیری خوێندنی ئامادەیی باڵا و خوێندنە پەیوەندیدارەکان دەکات.

### خوێندن لە قوتابخانەی ئامادەیی باڵا.

قوتابخانەیەکی ئامادەیی باڵا بریتیە لە دامەزراوەیەک کەوا خوێندنی گشتی پێشکەش دەکات. قوتابیان لە قوتابخانەی ئامادەیی باڵا بە بڕوانامەیەکی لێهاتوویی پیشەیی دەرناچن. خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی باڵا زیاتر سروشتی تیۆری هەیە بە بەراورد بە خوێندنە پیشەییەکان.

قوتابیان لە قوتابخانەی ئامادەیی باڵا زمانی جیاواز و بابەتی بیرکاری دەخوێنن. جگە لەمانەش، بابەتە مرۆییەکان و زانستیەکانیش دەخوێنن. ئەمانەی ئایین، ئێتیک، دەروونزانی، فەلسەفە، مێژوو، بابەت کۆمەڵایەتیەکان، فیزیا، کیمیا، بایلۆجی، جوگرافیا و پەروەردەی تەندروستی دەگرێتەوە. لە قوتابخانەی ئامادەیی باڵا، هەروەها قوتابیان هەڵدەستن بە خوێندنی شارەزایی- و هونەری سەرنجپێدراو، وەک هونەری بینراو، مووزیک و پەروەردەیی جەستەیی(وەرزش). ئەم خوێندنانە هەروەها ڕاوێژکاری قوتابیانیش دەگرێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی قوتابیان بۆ ماوەی دوو، سێ یان چوار ساڵ دەچنە قوتابخانەی ئامادەیی باڵا. زۆرینەی قوتابیان لە ماوەی سێ ساڵ خوێندنی ئامادەیی باڵا تەواو دەکەن.

کاتێک خوێندنی ئامادەیی باڵا کۆتایی دێت، قوتابیەکە دەتوانێت بەشداری بکات لە تاقیکردنەوە بۆ وەرگرتن لە زانکۆ. قوتابێکە بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆ دەرچێت پێویتە بەلای کەمەوە دەرس/بابەت تەواو بکات. ئەگەر قوتابیەکە بیهەوێت، دەتوانێت لە زیاتر لە پێنج بابەت/دەرست تایبەت تاقیکردنەوە بکات.

لە تاقیکردنەوە بۆ وەرگرتن لە زانکۆ، تاقیکردنەوەی زمانی فینلەندی ناچاریە. پێویستە قوتابیەکە تاقیکردنەوەی زمانی فینلەندی وەک زمانی یەکەم یان زمانی دووەم تەواو بکات. بابەتەکە پێی دەوترێت äidinkieli ja kirjallisuus (زمان و وێژەی فینلەندی). ئەگەر قوتابیەکە فینلەندی وەک زمانی یەکەمی بخوێنێت، پێویستە تاقیکردنەوەکە وەک تاقیکردنەوەی زمانی یەکەم تەواو بکات. ئەگەر قوتابیەکە فینلەندی وەک زمانی دووەمی بخوێنێت، پێویستە تاقیکردنەوەکە وەک تاقیکردنەوەی زمانی دووەم تەواو بکات.

هەروەها، پێویستە قوتابیەکە پرۆگرامی پێشکەوتووی بیرکاری، زمانی نیشتیمانی دووەم و زمانێکی بیانی تەواو بکات. قوتابیەکە دەتوانێت ئەو بابەتە هەڵبژێرێت کەوا دەیەوێت.

کاتێک قوتابیەکە لە تاقیکردنەوەی بڕوانامەی ئامادەیی دەردەچێت، دەتوانن داواکاری بۆ زانکۆ یان زانکۆی زانستە کارپێکراوەکان پێشکەش بکات. هەروەها قوتابیەکە دەتوانێت داواکاری بۆ پەیمانگا پیشەییەکان پێشکەش بکات.

هەروەها قوتابیان دەتوانن پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی باڵا تەواو بکەن بەبێ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بڕوانامەی ئامادەیی. لەو حاڵەتەدا، بەڵام، ناتوانن داواکاری بۆ زانکۆ پێشکەش بکەن. هێشتا دەتوانن داواکاری بۆ زانکۆیەکی زانستە کارپێکراوەکان یان خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی پێشکەش بکەن.

## بڕوانامەی IB چیە؟

پرۆگرامی دیبلۆمی بەکالۆریای نێودەوڵەتی (IB) بریتیە لە تاقیکردنەوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ وەرگرتن لە زانکۆ. پرۆگرامەکە بە ئینگلیزیە. بڕوانامەی IB دەکرێت لە زیاتر لە 150 وڵات و 5000 دامەزراوەی پەروەردەیی تەواو بکرێت. هەروەها بڕوانامەی IB دەکرێت بە زمانی فینلەندیش تەواو بکرێت. لە فینلەندە، قوتابیان بە سێ ساڵ خوێندنی IB تەواو دەکەن.

کاتێک قوتابیەکە بڕوانامەی IB ـەکەی تەواو دەکات، دەتوانێت داواکاری بۆ زانکۆی جیاواز و زانکۆی زانستە کارپێکراوەکان لە فینلەندە و وڵاتانی دیکەش پێشکەش بکات.

## چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ قوتابخانەی ئامادەیی باڵ

کاتێک گەنجێکی تەمەنی خوێندنی زۆرەملێ قوتابخانەی گشتگیر تەواو دەکات، دەتوانێت داواکاری پێشکەشی قوتابخانەی ئامادەیی باڵا لە فینلەندە بکات.

قوتابیان دەتوانن داواکاری پێشکەشی قوتابخانەی ئامادەیی باڵا بکەن لە ڕێگەی سیستەمی داواکاری هاوبەش کەوا لە وەرزی بەهار ئەنجام دەدرێت کاتێک بڕوانامەی دەرچوون لە قوتابخانەکانیان لە قوتابخانەیەکی گشتگیری فینلەندی وەردەگرن.

10 قوتابخانەی ئامادەیی باڵا بە زمانی فینلاندی لە ئیسپۆ هەیە. قوتابخانەکانی ئامادەیی باڵا دوو قوتابخانەی ئامادەیی باڵا دەگرێتەوە کە تیایدا دەتوانیت بڕوانامەی IB تەواو بکەیت. ئیسپۆ هەروەها یەک قوتابخانەی ئامادەیی باڵا بە زمانی سویدی هەیە.

ئەگەر داواکارەکە بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەی لە قوتابخانەیەکی گشتگیر لە فینلەندە وەرگرتبێت، دەتوانێت داواکاری بۆ قوتابخانەی ئامادەیی باڵا لە سەر بنەمای ئەم بڕوانامەیە پێشکەش بکات. تێکرای نمرەی بابەتە تیۆرییەکان لە بڕوانامەی دەرچوون لە قوتابخانە ئەوە



دیاری دەکات ئایا داواکارەکە لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی باڵا وەردەگیرێت یان خود نا. بابەتە تیۆریەکان ئەمانە دەگرێتەوە: زمانی دایکی و وێژە، زمانی نیشتیمانی دووەم، زمانە بیانیەکان، ئایین یان ئێتیک، مێژوو، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، بیرکاری، فیزیا، کیمیا، بایلۆجی، پەروەردەی تەندروستی(وەرزش) و جوگرافیا.

قوتابخانەی ئامادەیی باڵا خاوەن ژمارە کورسی خوێندنی جیاوازن. هەر قوتابخانەیەکی ئامادەیی باڵا خۆی سەربەخۆیانە بڕیار دەدات کەوا چەند قوتابی نوێ وەردەگرێت. ژمارەی داواکارەکان و تێکرای نمرەیان کار دەکاتە سەر ئەوەی ئایا داواکارەکە لە قوتابخانەیەکی دیاریکراوی ئامادەیی باڵا وەردەگیرێت یان خود نا. هەروەها لە ساڵێک بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە. تێکرای پێویست بۆ وەرگرتن لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی باڵا لە ساڵێک بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە.

لە ئیسپۆ و ناوچەی هێلسنکی میترۆپۆلیتان، پێویستە تێکرای نمرەکان بە لایەنی کەم 7.0 بێت لە بابەتە تیۆرییەکان بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی ئامادەیی باڵا وەربگیرێیت. بەڵام، زۆرێک لە قوتابخانەکانی ئامادەیی باڵا تەنها ئەو قوتابیانە وەردەگرن کەوا تێکرای نمرەکان لە بابەتە تیۆرییەکان زۆر بەرزتر بێت لە 7.0 .

هەروەها قوتابخانەی ئامادەیی باڵا تایبەت هەیە کە تیایدا قوتابیان چەند بابەتێکی دیاریکراو دەخوێنن کەوا زیاترە لە قوتابخانەکانی دیکەی ئامادەیی باڵا. هەروەها هەندێک قوتابخانەی ئامادەیی باڵا هەن پرۆگرامیان هەیە کە تیایدا قوتابیان چەند بابەتێکی دیاریکراو دەخوێنن کەوا زیاترە لە قوتابخانەکانی دیکەی ئامادەیی باڵا.ئەگەر گەنجێک بیهەوێت داواکاری پێشکەشی ئەم جۆرە قوتابخانە ئامادەیی باڵایە بکات، پێویستە تاقیکردنەوەی وەرگرتن ئەنجام بدەن.

دەتوانی زانیاری زیاتر دەربارەی قوتابخانە جیاوازەکانی ئامادەیی باڵا لە وێبسایتی قوتابخانەکانی ئامادەیی باڵا و لە opintopolku.fi بەدەست بێنیت.



گەنجێک دەتوانێت داواکاری پێشکەشی قوتابخانەیەکی ئامادەیی باڵا بکات تەنانەت ئەگەر بڕوانامەی دەرچوونی لە قوتابخانەیەکی گشتگیری لە فینلەندە نەبێت. لەم حاڵەتەدا، ئەوە قوتابخانەی ئامادەیی باڵایە کە بڕیار لەسەر وەرگرتنەکە دەدات. ئەمە بە واتەی وەرگرتنی ئیختیارییە.

کاتێک قوتابخانەیەکی ئامادەیی باڵا وەرگرتنی ئیختیاری بەکاردێنێت، قوتابخانە ئامادەیی باڵایە کە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ توانای داواکارەکە بۆ گونجان لەگەڵ خوێندنەکە. قوتابخانەی ئامادەیی باڵایە کە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی توانستی داواکارەکە دەکات لەگەڵ ئەوەی ئایا داواکارەکە توانای تەواوی لە زمانی خوێندن هەیە یان خود نا.

بەڵام، حاڵەتێکی دەگمەنە بۆ قوتابخانەی ئامادەیی باڵا کە قوتابی لە ڕێگەی وەرگرتنی ئیختیاری وەربگرێت.

قوتابخانەی ئامادەیی باڵا دەتوانێت وەرگرتنی ئیختیاری بەکاربێنێت لەو حاڵەتانەی داواکارەکە پرۆگرامێکی بەکەسیکراوی لە بیرکاری و زمانی دایك هەبوو بێت. هەروەها، قوتابخانەیەکی ئامادەیی باڵا دەتوانێت وەرگرتنی ئیختیاری بەکاربێنێت ئەگەر گەنجی داواکار بۆ قوتابخانەکە لە خوێندنی بنەڕەتی دابڕابێت یان بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەی بەهۆی هۆکاری دیکەوە نەبێت.

زانیاری زیاتر دەربارەی قوتابخانەی ئامادەیی باڵا لە ئیسپۆ دەکرێت لە ناونیشانە دەست کەوێت:
www.espoo.fi/en/specialised-schools-lines-and-weighted-curriculums

## تەواوکردنی بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵ

ئەو قوتابیانەی بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا لە پەیمانگا پیشەییەکان تەواو دەکەن. بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا لە ژیانی کارکردن نزیکترە لە خوێندنی تەواوکراو لە قوتابخانە ئامادەیی باڵایەکان. بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا بە واتای ئەمەیە کە قوتابیەکە پیشەگەرێکی لێهاتووە. هەروەها کۆمەڵێکی زۆر توانا بۆ بەکارخستن لە ژیانی کارکردن پێشکەش دەکات. هەروەها، بڕوانامەیەکی پیشەیی ئامادەیی باڵا کارامەیی تایبەتی هەیە کەوا بەگوێرەی بژاردەکانی خوێندنی قوتابیەکە دەگۆڕێت.

چەندین بڕوانامەی جیاوازی پیشەیی ئامادەیی باڵا هەن. بڕوانامەیەکی پیشەیی ئامادەیی باڵا بە شێوەیەکی فراوان لە خوێندنی **ئامادەیی بۆ بڕوانامەیەکی پیشەیی پێک دێت**. هەروەها، بڕوانامەیەکی پیشەیی ئامادەیی باڵا هەندیك بابەتی خوێندن لەخۆ دەگرێت کە هاوبەشە لەگەڵ بڕوانامەی خوێندنی پیشەیی لە پۆلی ە ئامادەیی باڵا. بۆ نموونە ئەم جۆرە خوێندنانە زمان و بیرکاری دەگرێتەوە.

کاتێک قوتابیەک بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا تەواو دەکات، هەم لە دامەزراوەی فێرکاری و ڕاهێنانی خۆی و هەم لە شوێنەکانی ئیشکردنی خۆی دەخوێنێت.

هەر بڕوانامەیەکی پیشەیی ئامادەیی باڵا بە دوو، سێ یان چوار ساڵ تەواو دەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی قوتابیان بڕوانامەکانیان بە سێ ساڵ تەواو دەکەن.

دوای ئەوەی قوتابیەک بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا تەواو دەکات، دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ کورسی خوێندن لە زانکۆیەک یان زانکۆیەکی زانستە کارپێکراوەکان.

هەروەها قوتابیان دەتوانن خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی باڵا تەواو بکەن لە کاتێکدا بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا تەواو دەکەن. لەم حاڵەتەدا، خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی باڵا بەشێکن لە بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا. هەروەها قوتابیان دەتوانن تاقیکردنەوەی دەرچوونیان تەواو بکەن لە کاتێکدا بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا تەواو دەکەن.

کاتێک داواکارێک دەیهەوێت بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا تەواو بکات، دەتوانێ داواکاری بۆ پەیمانگای پیشەیی لە فینلەندە پێشکەش بکات.لە ئیسپۆ، ئەم جۆرە ڕاهێنانە لە لایەن دامەزراوەیەکی پەروەردەیی پێشکەش دەکرێت بە ناوی Omnia. زانیاری زیاتر دەربارەی Omnia لێرە بەردەستە: www.omnia.fi.

هەروەها پەیمانگای پیشەیی تایبەتیش هەیە. پەیمانگا پیشەییە تایبەتەکان بۆ ئەو قوتابیانەن کەوا پشتیوانی تایبەتیان لە قوتابخانەی گشتگیر پێشکەشکراوە. ئەم دامەزراوە پەروەردەییانە پشتیوانی پێشکەشی ئەو قوتابیانە دەکەن کەوا بۆ تەواوکردنی بڕوانامەکانیان پێویستیان بە ئاستێکی بەرزە لە پشتیوانی تایبەت.

لە ئیسپۆ، خوێندنی پیشەیی تایبەت لە لایەن دامەزراوەیەکی پەروەردەیی پێشکەش دەکرێت بە ناوی LIVE.زانیاری زیاتر دەکرێت سەیر بکرێت لە:www.livesaatio.fi/opisto

زانیاری زیاتر دەربارەی خوێندنی پیشەیی تایبەت دەکرێت بدۆزرێتەوە لە: www.ameo.fi

داواکارەکان دەتوانن داواکاری بۆ هەر پەیمانگایەکی پیشەیی تایبەت لە فینلەندە پێشکەش بکەن.

## چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پەیمانگای پیشەیی

ئەگەر داواکارەکە بڕوانامەیەکی دەرچوونی قوتابخانەی لە قوتابخانەیەکی گشتگیرلە فینلەندە هەبێت، دەتوانێ داواکاری بۆ پەیمانگای پیشەیی لە سیستەمی داواکاری هاوبەش پێشکەش بکات کەوا لە وەرزی بەهار ڕێکدەخرێت.

قوتابیان کاتێک بڕوانامە دەرچوون لە قوتابخانەکانیان لە قوتابخانەیەکی گشتگیری فینلەندی وەردەگرن دەتوانن داواکاری بۆ پەیمانگای پیشەیی پێشکەش بکەن لە ڕێگەی سیستەمی داواکاری هاوبەش کەوا لە وەرزی بەهار ئەنجام دەدرێت.

پەیمانگا پیشەییەکان بۆ وەرگرتنی قوتابی جەخت دەکەنە سەر بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانە. هەندێک پەیمانگای پیشەیی تاقیکردنەوەی وەرگرتنیش ئەنجام دەدەن. هەروەها پەیمانگای پیشەییش هەن کە تیایدا قوتابیان بەتەنیا لە سەر بنەمای تاقیکردنەوەی وەرگرتن وەردەگیرێن.

داواکارەکان نمرەیان پێدەدرێت بەگوێرەی بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەیان و تاقیکردنەوەی وەرگرتنیان. کۆی گشتی نمرەی کەسێک ئەوە دیاری دەکات ئایا لە پەیمانگاکە وەردەگیرێن یان خود نا.

ئەگەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی تاقیکردنەوەی وەرگرتنی هەبێت، پێویستە داواکارەکان تاقیکردنەوەکە بکەن.

سەرەڕای سیستەمی داواکاری هاوبەش، داواکارەکە دەتوانێت داواکاری پێشکەشی پەیمانگای پیشەیی بکات لە ڕێگەی وەرگرتنی خولاو. وەرگرتنی خولاو و بەردەوام لە هەموو کاتێکی ساڵدا کراوەیە.

## ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی چیە؟

ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی جۆرێکی خوێندنە کە تیایدا قوتابیەکە بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا تەواو دەکات لە ڕێگەی فێربوونی پیشەکە لە ڕێگەی کارکردن. لە ڕێگەی ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی ، قوتابیان دەتوانن بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا بە تەواوی یان بەشێکی تەواو بکەن.

ئەگەر قوتابیەک بیهەوێت دەست بە ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی بکات، پێویستە کارێکی گونجاو بۆ بڕوانامە پیشەییەکەی ئامادەیی باڵا دەست بخات. ئەوان هەروەها پێویستە ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ پەیمانگا پیشەییەکەیان سەبارەت بە ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردیکردنن واژۆ بکەن. ڕێکەوتننامەی ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی سێ بەشی هەیە: قوتابیەکە، خاوەنکارەکە و پەیمانگا پیشەییەکە.

کاتێک قوتابیەکە ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی تەواو دەکات، پەیوەندییەکی کارکردنی لەگەڵ شوێنکارەکەی هەیە. لەماوەی ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی، قوتابیەکە ڕێنمایی لە سەرپەرشتیارێکی شوێنکارەکە وەردەگرێت. هەروەها بەرامبەر کارەکە پارە وەردەگرێت.

ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی ئەزموونی کار بۆ قوتابیەکە دابین دەکات و شارەزایی و کارامەییە پیشەییەکانی بەرەوپێش دەبات. هەروەها ڕاهێنانەکە دەرفەتێکە بۆ قوتابیەکە بۆ دروستکردنی تۆڕی پیشەیی کەوا ڕەنگە لە داهاتوو سوودی بۆی هەبێت.

بەڵام، هەندێک شتی ناکرێت لە شوێنکاری ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی فێری بیت. قوتابیەکان ئەم شتانە لە دامەزراوەی پەروەردەیی یان بە شێوازێکی دیکە دەخوێنن.

پەیمانگای پیشەیی و شوێنکاری قوتابیەکە بەرپرسیارن لە شێوازی خوێندنی وانە پلان بۆ دانراوەکان، سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی.

خوێندن بۆ قوتابیەکە بە خۆڕاییە.

کاتێک قوتابیەکە بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵا لە ڕێگەی ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی تەواو دەکات، هەمان بڕوانامەی دەبێت هاوشێوەی ئەو قوتابیانەی هەمان بڕوانامەی پیشەیی ئامادەیی باڵایان تەواوکردووە لە ڕێگەی خوێندن لە پەیمانگایەکی پیشەیی. هەروەها قوتابیەکە دەتوانێت داواکاری بۆ کورسیەک لە زانکۆیەکی زانستە کارپێکراوەکان یان زانکۆیەک پێشکەش بکات.

## چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی

داواکارەکان دەتوانن داواکاری بۆ ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی بکەن دەستبەجێ دوای خوێندنی بنەڕەتی یان دواتر.

پەیوەندی بە نووسینگەی ڕاهێنانکردنی هەرێمییت بکە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی.

هەروەها زانیاری زیاتر دەربارەی ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردی بەردەستە لە [www.oppisopimus.fi](http://www.oppisopimus.fi).

لە ئیسپۆ، خوێندنەکە لە لایەن Omnia پێشکەش دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بە ناوەندی ڕاهێنان لەڕێگەی شاگردیی Omnia بکە لە
[www.omnia.fi/en/study-options/upper-secondary-vocational-qualifications/apprenticeship](http://www.omnia.fi/en/study-options/upper-secondary-vocational-qualifications/apprenticeship)



# ڕاهێنانی ئامادەیی بۆ بڕوانامەکان

ئەم ڕێنوێنیە جەخت دەکاتە سەر خوێندن دوای قوتابخانەی گشتگیر کەوا لە کۆتاییەکەی بڕوانامەی نیە. ئەم خوێندنە قوتابی بۆ خوێندنی ئامادەیی باڵا ئامادە دەکات. هەروەها، زانیاری دەربارەی خوێندنی بنەڕەتی بۆ کەسانی گەورە هەیە.

## ڕاهێنانی TUVA چیە؟

ڕاهێنانی TUVA ئاماژەیە بۆ ڕاهێنانی ئامادەیی بۆ خوێندنێک کەوا بە بڕوانامەیەکی لێهاتوویی کۆتایی دێت. ڕاهێنانەکە یەک ساڵ دەخایەنێت. ڕاهێنانی TUVA ئامانجی پێشکەشکردنی توانای پێویستە بۆ قوتابیان بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کورسی خوێندن لە قوتابخانەی ئامادەیی باڵا یان پەیمانگای پیشەیی و تەواوکردنی خوێندنیان.

لە ڕاهێنانی TUVA، قوتابیان دەتوانن شتی وەک کارامەییەکانی زمانی فینلاندی، کارامەییەکانی خوێندن و بەڕێوەبردنی ژیان مومارەسە بکەن. هەروەها، قوتابیان دەتوانن نمرەکانیان باشتر بکەن لە بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانە لە خوێندنی بنەڕەتی. هەروەها دەتوانن خوێندنی ئامادەیی باڵا یان خوێندنی پیشەیی لە ماوەی ڕاهێنانەکە تەواو بکەن. قوتابیان ڕێنوێنییان لەماوەی خوێندنەکەیان پێشکەش دەکرێت.

کەسێک لە تەمەنی خوێندنی زۆرەملێ دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ ڕاهێنانی TUVA کاتێک خوێندنی بنەڕەتی تەواو دەکەن. هەروەها دەتوانن داواکاری بۆ ڕاهێنان پێشکەش بکەن کاتێک لە وڵاتێکی دیکە ڕاهێنان یان خوێندن تەواو دەکەن کەوا هاوتایە لەگەڵ خوێندنی بنەڕەتی لە فینلەندە. لەم حاڵەتەدا، پێویستە داواکارەکە بڕوانامەیەکی ئەم ڕاهێنان یان خوێندنەی هەبێت.

کەسانی تەمەن 18 یان زیاتریش دەتوانن داواکاری بۆ ڕاهێنانی TUVA پێشکەش بکەن ئەگەر هێشتا بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی باڵایان نەبێت.

دەتوانیت داواکاری بۆ ڕاهێنانی TUVA پێشکەش بکەیت لە ڕێگەی سیستەمی داواکاری هاوبەش یان وەرگرتنی خولاو.

داواکارەکان دەتوانن داواکاری بۆ هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی لە فینلەندە پێشکەش بکەن کە ڕاهێنانی TUVA پێشکەش دەکات.

لە ئیسپۆ، ڕاهێنانی TUVA لە لایەن Omnia پێشکەش دەکرێت. زانیاری زیاتر دەربارەی Omnia بەردەستە لە: www.omnia.fi

ئەگەر قوتابیەکە پێویستی بە ئاستێکی بەرزتری پشتیوانی تایبەتە، ڕاهێنانی TUVA لە لایەن LIVE پێشکەش دەکرێت. زانیاری زیاتر دەربارەی LIVE بەردەستە لە: [www.livesaatio.fi/opisto/hakijalle/tuva](http://www.livesaatio.fi/opisto/hakijalle/tuva)

## ڕاهێنانی TELMA چیە؟

ڕاهێنانی TELMA ئاماژەیە بۆ ڕاهێنانی ئامادەیی کەوا قوتابی ئامادە دەکات بۆ کارکردن و ژیان بەسەربردنی سەربەخۆ. ڕاهێنانەکە بۆ ئەو قوتابیانەیە کەوا پێویستیان بە ئاستێکی بەرزی پشتیوانی تایبەتە. ڕاهێنانەکە بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن پەیمانگای پیشەیی تایبەت پێشکەش دەکرێت.

لە ڕاهێنانی TELMA، قوتابیان فێری ئەو شارەزایانە دەبن کەوا لەماڵەوە و لە قوتابخانە، لە ژیانی کارکردن و لە کۆمەڵگە پێویستیان پێیەتی. ڕاهێنانەکە 1 بۆ 3 ساڵ دەخایەنێت. ئامانجەکە بریتی نیە لە پێشکەشکردنی داواکاری بۆ خوێندنێک کەوا پلە یان بڕوانامەیەکی دوای ڕاهێنانەکە هەبێت.

دەتوانیت داواکاری بۆ ڕاهێنانی TELMA پێشکەش بکەیت لە ڕێگەی سیستەمی داواکاری هاوبەش و وەرگرتنی خولاو و بەردەوام. پێویستە داواکاری TELMA پاشکۆکان لەخۆبگرێت کەوا ئەوە ڕوون بکاتەوە بۆچی کەسە گەنجەکە داواکاری بۆ ڕاهێنانی TELMA پێشکەش دەکات.

لە ئیسپۆ، ڕاهێنانی TELMA لە لایەن پەیمانگای پیشەیی LIVE پێشکەش دەکرێت. زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم دامەزراوە پەروەردەییە دەکرێت بدۆزرێتەوە لە [www.livesaatio.fi](http://www.livesaatio.fi).

## کەسانێکی لە تەمەنی خوێندنی زۆرەملێشدان دەتوانن بچنە قوتابخانەی ئامادەیی میللی(folk)

قوتابخانەی ئامادەیی میللی(folk) خوێندن پێشکەشی قوتابیەکانی تەمەنی خوێندنی زۆرەملێ دەکات. خوێندنەکان گونجاون بۆ ئەو گەنجانەی کەوا خوێندنی بنەڕەتیان تەواو کردووە بەڵام هێشتا نازانن خوێندنی داهاتوویان چیە.

خوێندنی قوتابخانەکانی ئامادەیی میللی(folk) بۆ قوتابیانی تەمەنی خوێندنی زۆرەملێ یەک ساڵی خوێندن دەخایەنێت. خوێندنەکان ئامانجیان بەهێزکردنی کارامەییەکانی خوێندنی کەسە گەنجەکەیە. هەروەها ئامانجیان بەهێزکردنی توانای کەسە گەنجەکەیە بۆ خوێندنی زیاتر. هەروەها، ئامانجەکە بریتیە لە پشتیوانیکردنی قوتابیان کاتێک پلان بۆ ژیانیان دادەڕێژن.

خەڵکی دەتوانن داواکاری بۆ هەموو قوتابخانەی ئامادەیی میللی(folk) لە فینلەندە پێشکەش بکەن.دەتوانیت داواکاری بۆ قوتابخانەی ئامادەیی میللی(folk) پێشکەش بکەیت لە ڕێگەی سیستەمی داواکاری هاوبەش و وەرگرتنی خولاو. زانیاری زیاتر دەربارەی قوتابخانەی ئامادەیی میللی(folk) بەردەستە لە www.kansanopistot.fi.

## AIPE چیە؟

AIPE ئاماژەیە بۆ خوێندنی بنەڕەتی بۆ کەسانی گەورە. لە ڕاهێنانی AIPE، قوتابیەکە دەتوانێت

پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی بۆ کەسانی گەورە تەواو بکات و بڕوانامەی دەرچوون لە قوتابخانە لە خوێندنی بنەڕەتی وەربگرێت. قوتابیان زمان و کارامەییەکانی خوێندنیان باشتر دەبێت کەوا بۆ خوێندنی ئامادەیی باڵا پێویستیانە.

ڕەنگە داواکارەکان داواکاری بۆ ڕاهێنانی AIPE پێشکەش بکەن ئەگەر خوێندنی بنەڕەتیان تەواو نەکرد بێت.

بۆ نموونە، ڕەنگە ئەمە بەهۆی ئەوە بێت کەوا داواکارەکە لە کۆتایی قوتابخانەی گشتگیربۆ فینلەندە بێت. هەروەها داواکارەکان دەتوانن داواکاری بۆ ڕاهێنانی AIPE پێشکەش بکەن لەو حاڵەتانەی کەوا هیچی تر ڕێپێدراو نین بچنە خوێندنی بنەڕەتی بۆ منداڵان و گەنجان.

کاتێک کەسەکە دەبێتە 17 ساڵ مافی چوونە خوێندنی بنەڕەتی بۆ منداڵان و گەنجان لە

کۆتایی بەهاری ئەو ساڵە کۆتایی دێت.

پێش ئەوەی قوتابیەکە دەست بە خوێندنی AIPE بکات، بارودۆخی سەرەتایی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ قوتابیەکە. مەبەستی هەڵسەنگاندنەکە بۆ دیاریکردنی ئەوەیە کامە جۆری خوێندن قوتابیەکە پێویستیەتی، کامە قۆناغی خوێندن تەواو دەکەن و ئامانجەکانیان چیە. هەروەها، هەڵسەنگاندنی سەرەتایی پشکنین بۆ ئەوە دەکات

قوتابیەکە چۆن ئەم ئامانجانە بەدەست دێنێت. هەروەها قوتابیەکە بۆ پلانی خوێندنی تاکە کەسی ئامادە دەکرێت.

خوێندنی بنەڕەتی بۆ کەسانی گەورە لە سێ قۆناغ پێک دێت. ئەمانە خوێندنەکانی قۆناغی خوێندەواری،

قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و قۆناغی خوێندنی کۆتایین.

لە ماوەی قۆناغی خوێندەواریدا، قوتابیان فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی فینلەندی دەبن.

قۆناغی سەرەتایی هاوتایە لەگەڵ ئەو بابەتانەی لە پۆلەکانی 1 بۆ 6 لە خوێندنی بنەڕەتی خوێنراون. ئەگەر قوتابیەکە نەزانێت بخوێنێتەوە یان بنووسێت یان ئەم شارەزایانەی نەبێت، ئینجا قوتابیەکە لەماوەی قۆناغی سەرەتایی خوێندندا ڕاهێنانی ئەم شارەزایانەی بۆ دەکرێت. قۆناغی سەرەتایی نزیکەی 1.5 بۆ 3 ساڵ دەخایەنێت بۆ تەواوکردن.

قۆناغی کۆتایی هاوتایە لەگەڵ ئەو بابەتانەی لە پۆلەکانی 7 بۆ 9 لە خوێندنی بنەڕەتی خوێنراون. خوێندنی قۆناغی کۆتایی نزیکەی 1 بۆ 2 ساڵ دەخایەنێت. ماوەی خوێندن بەگوێرەی ئەوە کە قوتابیەکە پێشووتر چی خوێندووە دەگۆڕدرێت.





داواکاری بۆ ڕاهێنانی AIPE لە ساڵێکدا 3 بۆ 5 جار دەکرێتەوە. داواکارەکان دەتوانن داواکاری بۆ هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی پێشکەش بکەن

کە لە فینلەندا ڕاهێنانی AIPE پێشکەش دەکات. بەگشتی فۆڕمی پێشکەشکردن لە سەر وێبسایتی دامەزراوەی پەروەردەیی بەردەستە.

لە ئیسپۆ، ڕاهێنانی AIPE لە لایەن Omnia پێشکەش دەکرێت.زانیاری زیاتر دەربارەی ڕاهێنانی AIPE ی Omnia لەم سایتەدا بەردەستە: www.omnia.fi/en/educations/basic-adult-education

## سیستەمی داواکاری هاوبەش چۆن کار دەکات

کاتێک داواکارێک دەیەوێت داواکاری بۆ قوتابخانەیەک لە ڕێگەی سیستەمی داواکاری هاوبەش پێشکەش بکات، پێویستە فۆڕمی پێشکەشکردن پڕ بکاتەوە. پێویستە فۆرمەکە بە زمانی فینلاندی یان سویدی پڕ بکرێتەوە.

فۆرمەکە بە شیوەی ئەلیکترۆنی پێشکەش دەکرێت.دەتوانیت لێرە دەستی بخەیت www.opintopolku.fi.

هەروەها هەمان ماڵپەڕ فۆرمێکی تاقیکاری هەیە، کەوا ڕێگە بە داواکارەکە دەدات پێشوەختە پڕکردنەوەی فۆرم تاقی بکاتەوە. توانای بەکارهێنانی فۆرمە تاقیکارییەکە بەردەستە بۆ چەند مانگێک بەر لە دەسپیکردنی ماوەی داواکاریەکە بۆ سیستەمی داواکاری هاوبەش.

هەندێک دامەزراوەی پەروەردەیی داوای زانیاری دیکەی پەیوەندیدار بە داواکارییەکە دەکەن لە داواکارەکان.

پێویستە خۆت لەگەڵ بژاردە جیاوازەکانی ڕاهێنان و پەروەردە ئاشنا بکەیت. هەروەها پێویستە داواکارەکان لەگەڵ ڕاوێژکاری ڕێنوێنی گفتوگۆ بکەن سەبارەت بە پلانەکانیان.

لە سیستەمی داواکاری هاوبەشدا، دەتوانیت داواکاری بۆ حەوت بژاردەی ڕاهێنان پێشکەش بکەیت. بیرۆکەیەکی باشە کە تا دەکرێت داواکاری بۆ زۆرترین بژاردەی ڕاهێنان و خوێندنە پێشکەش بکەیت کە زۆرترین داواکاری لەسەرە.

ئەو ڕاهێنانەی کەوا داواکاری زیاترە پێویستە وەک بژاردەی یەکەم نیشانە بکرێت. داواکارەکە بۆ ئەو ڕاهێنانە وەردەگیرێت کەوا نمرەی بەرز یان تێکرای نمرەی بەرزی بۆ هەیە (بەگوێرەی بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانە).

داواکارەکە شوێنێکی لە ڕاهێنانەکە پێدەدرێت کەوا نمرە یان تێکرای نمرەی بەرزی هەیە و لەناو داواکارییەکانیدا بەرزترینە. لەم حاڵەتەدا، شوێنەکانی دیکە کەوا داواکارەکە داواکاری بۆ پێشکەشکردوون ڕەت دەکرێنەوە.

بەڵام هەرچەندە، ئەگەر داواکارەکە بۆ ئەو ڕاهێنانە دەسنیشان نەکرێت کەوا دەیهەوێت، هێشتا دەتوانێ لە لیستی چاوەڕوانکردن دابنرێت. لەم حاڵەتەدا، داواکارەکە چاوەڕوانی کورسیەکی خوێندن دەکات. ڕەنگە داواکارەکە لە لیستی چاوەڕوانکردن بێت بۆ گشت بژاردەکانی ڕاهێنان کەوا بۆیان دەسنیشان نەکراوە. بەڵام، پێویستە داواکارەکە شایستەی چوونە ئەم بژاردانەی ڕاهێنان بێت. ئەمە بە واتای ئەمەیە کە ئەوان پێویستە مەرجەکانی دەسنیشانکراو لەلایەن ڕاهێنانەکەی تێدا بێت.

ئەگەر داواکارەکە شوێنێکی خوێندن لە هیچ بژاردەیەکی ڕاهێنان وەرنەگرێت، بەبێ شوێنێکی خوێندن دەمێنێتەوە. لەو حاڵەتەدا، هێشتا لەسەریانە داواکاری بۆ ڕاهێنان پێشکەش بکەن.

زانیاری دەربارەی گشت دامەزراوە پەروەردەییەکان لە فینلەندەلە www.opintopolku.fi بەردەستە.هەروەها زانیاری دەربارەی ئەو شتانە هەیە کەوا کار دەکەنە سەر داواکاریەکە

ئەگەر داواکارەکە بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەی لە دەرەوەی وڵات وەرگرت بێت، دەتوانێت داواکاری بۆ ڕاهێنان پێشکەش بکات لە ڕێگەی وەرگرتنی ئیختیاری کەوا لە سیستەمی داواکاری هاوبەشدا هەیە. زانیاری زیاتر دەربارەی ئەمە لە بڕگەی داهاتوودا باسکراوە.

هەروەها داواکارەکان دەتوانن داواکاری لەڕێگەی وەرگرتنی خولاو پێشکەش بکەن.

### ئایا وەرگرتنی ئیختیاری لە سیستەمی داواکاری هاوبەش چیە؟

قوتابخانەی ئامادەیی باڵا و پەیمانگا پیشەییەکان دەتوانن قوتابی لە ڕێگەی وەرگرتنی ئیختیاری وەربگرن. لەو حاڵەتەدا، قوتابخانەی ئامادەیی باڵا یان پەیمانگای پیشەیی دەسنیشانکردنی قوتابی بەشێوەیەک ئەنجام دەدات کەوا نمرەی قوتابیەکە ڕەچاو ناکەن یان تەنها بەشێکی ڕەچاو دەکەن.

بۆ ڕاهێنانی TUVA، ڕاهێنانی TELMA، قوتابخانەی ئامادەیی میللی(folk) یان خوێندنی پیشەیی پێشکەشکراو بۆ

قوتابیان هیچ وەرگرتنێکی ئیختیاری نیە کەوا پێویستیان بە ئاستێکی بەرزی پشتیوانی بێت.

وەرگرتنی ئیختیاری بۆ ئەو پرۆگرامانە نیە کەوا تەنها قوتابی لە سەر بنەمای تاقیکردنەوەی وەرگرتن یان تاقیکردنەوەی لێهاتویی وەردەگرن.

وەرگرتنی ئیختیاری دەکرێت بۆ کۆمەڵێک هۆکار بەکاربێت. ئەگەر داواکارێک، داواکار بۆ پەیمانگای پیشەیی پێشکەش دەکات، ئەم هۆکارانە بریتین لە:

- کێشەکانی فێربوون و هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان
- خوێندنی تەواوکراو لە دەرەوەی وڵات
- پرۆگرامیکی بە کەسیکراو لە زمانی دایك و بیرکاری.

هەروەها ڕەنگە وەرگرتنی ئیختیاری ئەو کاتە بەکاربێت کەوا کارامەییەکانی زمانی داواکار وەک پێویست نین بۆ تەواوکردنی پلە یان بڕوانامەکە. هەروەها، وەرگرتنی ئیختیاری ئەو کاتە بەکاردێت کەوا داواکارەکە خوێندنی بنەڕەتی تەواو نەکردووە و بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەی نیە.

ئەگەر داواکارێکی داواکاریەک بۆ قوتابخانەی ئامادەیی باڵا پێشکەش دەکات، وەرگرتنی ئیختیاری دەکرێت بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە بەکاربێت:

- داواکارەکە خوێندنی بنەڕەتی تەواو نەکردووە و بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەی نیە
- داواکارەکە خوێندن یان ڕاهێنانی لە دەرەوەی وڵات تەواوکردووە
- داواکارەکە پرۆگرامیکی بە کەسیکراوی بە زمانی دایك و بیرکاری هەیە.

## چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ وەرگرتنی تەقدیری

کاتێک داواکارێک لە ڕێگەی وەرگرتنی ئیختیاری داواکاری پێشکەش دەکات، پێویستە ئەمە لە فۆڕمی پێشکەشکردن ئاماژەی پێ بکرێت کەوا لە سیستەمی داواکاری هاوبەش بۆ هەر کورسیەکی خوێندن بەکارهاتووە کەوا بە بەکارهێنانی وەرگرتنی ئیختیاری داواکاری بۆ پێشکەش دەکات.

هەروەها پێویستە داواکارەکە گشت پاشکۆکان بۆ دامەزراوە پەروەردەیەکە بنێرێت کەوا داواکاری بۆ پێشکەش دەکات کەوا وەرگرتنە تەقدیریەکەی لەسەر بنیاتنراوە.

ئەگەر داواکارەکە پرۆگرامیکی بە کەسیکراوی بە زمانی دایك و بیرکاری لە قوتابخانەیەکی گشتگیرتەواوکرد بێت، بە ئۆتۆماتیکی دەخرێنە ناو وەرگرتنی تەقدیری. لەم حاڵەتەدا، داواکارەکە ناخرێتە وەرگرتنی بنیاتنراو لەسەر نمرە.

لە سیستەمی داواکاری هاوبەشدا، داواکارەکان دەتوانن بە بڕوانامەیەکی ڕاهێنان یان خوێندنی تەواوکراو لە دەرەوەی وڵات داواکاری پێشکەش بکەن، ئەگەر بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەیان لە خوێندنی بنەڕەتی فینلەندی نەبێت.

ئەو پێشکەشکارانەی بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەیان لە قوتابخانەیەکی گشتگیری فینلاندی هەیە یان لە پرۆسەی وەرگرنتی دانەیەکن ناتوانن بە بڕوانامەیەکی وەرگیراو لە دەرەوەی وڵات داواکاری پێشکەش بکەن.

## چۆنیەتی ئاماژەکردن بۆ وەرگرتنی ئیختیاری لە فۆرمی سیستەمی داواکاری هاوبەش

فۆڕمی سیستەمی داواکاری هاوبەش ئەو بەشەی تێدایە "خوێندنی بنەڕەتیت" (Pohjakoulutuksesi)،

ئەگەر داواکارەکە بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەی نەبێت، لەم بەشە بە "نەبوونی بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانە" (Ei päättötodistusta) بە نیشانە دیاری بکە.

ئەگەر داواکارەکە بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانەی هەبێت کەوا هاوتا ناکرێت لەگەڵ بڕوانامەی دەرچوونی قوتابخانە لە خوێندنی بنەڕەتی فینلەندی، ئەم بەشە بە نیشانە دیاری بکە "ڕاهێنان یان خوێندنی تەواوکراو لە دەرەوەی وڵات" (Ulkomailla suoritettu koulutus).

ئەگەر داواکارەکە کێشەی فێربوونی هەیە، پێویستە ڕوونکردنەوەیەک لە مامۆستای پێویستیە تایبەتەکان، دەروونناس یان پزیشکێک هاوپێچی داواکاری وەرگرتنی ئیختیاری بکات.

ڕوونکردنەوە یان ڕاپۆرتێکیش پێویستە ئەگەر داواکارەکە هۆکاری دیکەی هەیە کەوا ڕێگری لێکردووە لە ئەدای لە قوتابخانە. بۆ نموونە، ڕەنگە ئەم هۆکارە پەیوەست بێت بە ژیان یان تەندروستی خودی پێشکەشکارەکە.

زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێنماییەکانی پێشکەشکردن و بژاردەکانی ڕاهێنان و پەروەردە لە سەر وێبسایتی دامەزراوە جیاوازە پەروەردەییەکان بەردەستە لە [www.opintopolku.fi](http://www.opintopolku.fi).

## چۆنیەتی پەسەندکردنی کورسیەکی خوێندن

ئەنجامەکانی سیستەمی داواکاری هاوبەش لە مانگی حوزەیران ڕادەگەیەنرێن. داواکارەکە بە ئیمەیل لە ئەنجامی سیستەمی داواکاری هاوبەش ئاگادار دەکرێتەوە: ئیمەیلێک بۆ ئەو ناونیشانە دەنێردرێت کەوا لە فۆڕمی پێشکەشکردندا دابینیان کردووە. نێرەری پەیامەکە Opintopolku دەبێت. پەیامەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کامە کورسی خوێندن



پێشکەشی داواکارەکە کراوە و بۆ کامە کورسی خوێندن لە لیستی چاوەڕوانیدایە.

هەروەها داواکارەکە پەیامێکی دیکەی بۆ دەنێردرێت. ئەم پەیامە ڕێنمایی تێدا دەربارەی ئەوەی داواکارەکە دەتوانێت پەسەندی کورسی خوێندنی پێشکەشکراو بکات. هەروەها ئەم پەیامە لینکێکی تێدایە کەوا لە ڕێگەیەوە داواکارەکە دەتوانێت کورسیەکەی خوێندن پەسەند بکات.

پێویستە کورسیەکەی خوێندن لە مانگی حوزەیران/ژون پەسەند بکرێت.

دامەزراوە پەروەردەییە مەبەستەکە ڕێنماییەکان بۆ داواکارەکە دەنێرێت کەوا پێویستە پەیڕەوی بکات.

کاتێک داواکارەکە کورسیی خوێندنی پەسەند کرد، هێشتا دەتوانێ لە لیستی چاوەڕوانیدا بێت بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان کەوا لە فۆڕمی داوکارییەکەی خۆیدە ئەولەویەتی پێداوە.

ئەنجامەکانی سیستەمی داواکاری هاوبەش لە وێبسایتی دامەزراوە پەروەردەیەکانیش بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام، ناوی داواکارەکە تەنها ئەو کاتە بڵاو دەکرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی خۆی بۆ ئەمە لە فۆڕمی پێشکەشکردنی هاوبەشدا بێت.

خوێندن لە مانگی ئاب دەستپێدەکات. کەسێک لە تەمەنی خوێندنی زۆرەملێ پێویستە بچێتە ڕاهێنان یان خوێندن کەوا کورسیەکەی خوێندنی تێدا پەسەندکردووە.

ئەگەر داواکارێکی تەمەنی خوێندنی زۆرەملێ کورسی خوێندن وەرنەگرێت، پێویستە دەستبەجێ پەیوەندی بە ڕاوێژکاری قوتابی قوتابخانەی گشتگیری خۆیان بکەن. ئەگەر داواکارەکە نەچوو بێتە قوتابخانەی گشتگیر، پێویستە پەیوەندی بە Ohjaamotalo بکە.زانیاری زیاتر دەربارەی Ohjaamotalo لێرە بەردەستە: [www.espoo.fi/en/youth/ohjaamotalo](http://www.espoo.fi/en/youth/ohjaamotalo)

ئەگەر داواکارەکە هێشتا نەوجەوانە، بەخێوکارەکەی لێی بەرپرسیارە. پێویستە بەخێوکارەکە دڵنیا بێت کەوا منداڵەکەی خوێندنی زۆرەملێ تەواو دەکات.

## کورسی خوێندن لە ڕێگەی وەرگرتنی خولاو

ئەگەر داواکارێک بۆ کورسی خوێندن لە ڕێگەی وەرگرتنی خولاو و بەردەوام داواکاری پێشکەشکردووە، پەیامێکی بۆ دەنێردرێت کەوا ئاگاداری دەکاتەوە ئایا کورسی خوێندنی پێدراوە یان نەخێر. داواکارەکە پەیامێکی جیاوازی بۆ دەنێردرێت بۆ هەر کورسیەکی خوێندن کەوا داواکاری بۆ پێشکەشکردووە. هەروەها پەیامەکە ئەوە دیاری دەکات

چۆن داواکارەکە دەتوانێت کورسیەکەی خوێندن پەسەند بکات.



# زانیاری زیاتر دەربارەی ڕاهێنان و پەروەردە لە ئیسپۆ

ئەمانـەی خوارەوە چـەند لینکێـکن کـەوا لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانیت زانیاری زیاتر بەدەست بێنیت دەربارەی ڕاهێنان و پەروەردە لە ئێسپۆ. هەروەها دەتوانیت زانیاری دەربارەی چۆنیەتی پێشکەشـکردنی داواکاری بۆ ڕاهێنان و پەروەردە بدۆزیتەوە. هەروەها، ئەمانەی خوارەوە چەند لینکێکن بۆ خزمەتگوزارییە پێشکەشـکراوەکان بۆ ئەو کەسـانەی بەم دواییانە بۆ فینلەندە هاتوون. بۆ نموونە، شـاری ئیسپۆ ئەم خزمەتگوزاریانە پێشـکەش دەکات.

پـەروەردەی قوتابخانەی ئامادەیی باڵا لە ئیسپۆ:
 www.espoo.fi/en/specialised-schools-lines-and-weighted-curriculums

پەروەردە و ڕاهێنانی پیشـەیی، ڕاهێنانی TUVA، ڕاهێنان و ڕاهێنانکردنی AIPE لە ئیسپۆ: www.omnia.fi/en

کۆلێژی پیشـەیی LIVE لە ئیسپۆ: www.livesaatio.fi/opisto

زانیاری گشتی دەربارەی دامەزراوە پیشـەییە تایبەتەکان: ameo.fi/en/front-page

ڕێنوێنی شاری ئیسپۆ: www.espoo.fi/en/information-about-joint-application-system

خزمەتگوزارییەکانی شـاری ئیسپۆ بۆ ئەوانەی هاتوونەتە فینلەندە :
www.espoo.fi/en/city-and-decision-making/international-espoo/services-new-international-residents/hello-espoo-info

پشتیوانـی بۆ خوێندن، پلاندانانـی کار و گەڕان بەدوای کار: www.espoo.fi/en/youth/ohjaamotalo

زانیـاری دەربارەی سیستەمی پەروەردەی فینلەندا: www.infofinland.fi/fi/education

**مامۆستـا کەلتوریەکانـی خوێندنی بنەڕەتـی فینلەندیش دەتوانن هاوکاری پەیوەست بە بابەتەکانی قوتابخانە بە زمانی جیاواز پێشـکەش بکەن.** زانیاریەکانی پەیوەندیکردنیان دەکرێت لێرە بدۆزرێتەوە:
www.espoo.fi/fi/suomenkielisen-perusopetuksen-yhteystiedot

شـاری ئێسپوو, خوێندنی بنەڕەتـی فینلەندی
خزمەتگوزاریەکانـی پەروەردەی فرە کەلتوری, میلۆرا Meliora